

بەهار..
سەرەتایەکی باش و ئەنجامێکی تاڵ



چرا؛ سەرەتایەکی باش و ئەنجامێکی تاڵ

# بۆ (ئاوێزە)ی (کوردستانی نوێ) و سەرجەم سایت و رۆژنامەکان

ماوەیەکە هەندێ سایتی ئەلکترۆنی و چەند رۆژنامە و گۆڤارێك، بێ رەچاوکردنی ئەتەکێتی کاری رۆژنامەوانی و بێ لەبەرچاوگرتنی ئەخلاقیەتی پیشەکە، هەڵدەستن بە دووبارە بڵاوکردنەوەی هەندێ لەو رووداو و ریپۆرتاژە کۆمەڵایەتییانەی لە فایلی کۆمەڵایەتی هەفتەنامەکەمان بڵاودەکرێتەوە، کە دواینیان لە ژمارە(١٢٨)ی پاشکۆی (کوردستانی نوێ)بوو، کە رۆژانی هەینی دەردەچێت، لەو پاشکۆیەدا کە رۆژی ٢٢/ئایاری ٢٠٠٩ چاپکراوە بابەتێکی پەیامنێری شاری سلێمانیمان لە ژێر ناونیشانی (بەهار.. سەرەتایەکی باش و ئەنجامێکی تاڵ) کە لە ژمارە (٧٣١)ی گۆڤارەکەمان لە ٤ی ئایاری ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە، (ئاوێزە)ی کوردستانی نوێ کتومت وەکو خۆی تەنها بە گۆڕینی ناوی (بەهار) و بێ ئاماژەدان بە سەرچاوە ئەسڵییەکەی کە هەفتەنامەی (گـولانە) دووبارە ئەو بابەتەی بڵاوکردۆتەوە، دیارە ئەمەش تەنیا حاڵەت نییە کە روودەدات بەڵکو چەند جارێکی دیکەش هەندێ رۆژنامەو سایتی ئەلیکترۆنی دەستدرێژیان کردۆتە سەر مافی (گـولان)، هەر بۆیە لێرەوە بەپێویستی دەزانین وێڕای ئاگادارکردنەوەی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لەو کارە و سەرجەم سایت و رۆژنامەکانی دیکەش ئاگادار بکەینەوە کە لەمەودوا بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی گۆڤارەکەمان بێ ئاماژە دان بەناو(گـولان)، ناچارمان دەکات رێوشوێنی یاساییان بەرامبەر بگرینە بەر، چونکە کاری لەو جۆرە دەچێتە خانەی دزینی رۆژنامەگەرییەوە و ناکۆکە لەگەڵ یاسای چاپەمەنی و ئەخلاقیاتی پیشەی رۆژنامەنووسیی.

هەفتەنامەی گولان



# هەڵەیەکی پزیشکی ماهیەتی راستەقینەی پیاوێک دەردەخات

## دەربڕینی خۆشەویستییەکی بێ سنوور!

دەمێک بوو(سەمیر) لە دەورو خولی(بەهرە)دا دەسووڕایەوە و مەرایی بۆ دەکرد..(سەمیر) چەند ساڵێك دەبوو لە فەرمانگەیەدا سەرۆك بەش بوو، خۆی کۆلیژی ئەندازەی بەشی کارەبای تەواوکردبوو(بەهرە)ش کە تازە دامەزرابوو یاریدەدەری ئەندازیار بوو،(بەهرە) لەگەڵ ئەوەی کە کچێکی خاوەن کەسایەتی خۆی بوو تابڵێی جوان و قەشەنگیش بوو، هەر چەندە(سەمیر) چ لە کاتی قسەکردندا و چی لە خۆ نواندندا ، بەهەر جۆرێك بوایە هەندێ جار بەراستەوخۆو هەندێ جاریش بەناڕاستەوخۆ بەخۆنازینی دەوڵەمەندانەی نیشان دەدا، بەڵام ئەم جۆرە شتانە شتێك نەبوون سەرنجی (بەهرە) راکێشن، بە پێچەوانەوە رەفتاری ناشرین و ناڕێك بوون لای ئەو،(سەمیر) هیچ شێوازو رێوشوێنێك نەما نەیگرێتەبەر، هەر بۆ ئەوەی سەرنجی (بەهرە) بۆلای خۆی بکێشێ، زۆرێك لە هاوەڵ و برادەرانی فەرمانگەکەی تێگەیاند کە هاوکاری بکەن و نێوانکاری بۆ بکەن بەڵکو دڵی(بەهرە)ی بۆ رازی بکەن... نزیکەی چوار پێنچ مانگان خەریکبوو، ئاخیرییەکەی تێیانگەیاند ئەو بە کەسێك رازی دەبێ کە کەسایەتییەکەی بەهێز بێ چاوچنۆك و خۆپەرست خۆ ویست و پارە پەرست و ئەو شتانەی نەبێ.. جا ئامۆژگاری هاوەڵەکانی ئەوەبوو کە واز لەو سیفاتانە بێنێت، کە هەمووشی هەبوو ... ئەویش خۆشی بێ ترشی بێ، هەوڵیدا خۆی بگۆڕێت هەر چۆنێك بێت دوای هەوڵێکی زۆر و مەرایی کردنی بەردەوام و دەربڕینی خۆشەویستییەکی بێ سنووری بەردەوامتر، وردە وردە دڵی(بەهرە)ی نەرم کرد، کە (بەهرە) پێی رازی بوو هەر لەسەرەتاوە رووبەڕوو پێ گوت(سەمیر) گوێم لێبگرە بزانە هەڵوێست و رای من دەربارەی خۆشەویستی چییە و چۆنە،.. من ئێستاکە بە تۆ رازی بووم، بەڵام بەڕاستی تاقەتی پەیوەندی گرتن و پەیوندی دروستکردنم نییە، نە وەختی ئەو شتانەم هەیە، نە کاتیشم بۆ ئەو شتانە تەرخان دەکەم، من خۆشەویستی بە زەماوەند و هاتنە خوازبێنی دەزانم، ئەگەر بەکەسێك رازیبم، بواری نادەم درێژەی لەگەڵدا بکێشێ، هاتە خوازبێنیم باشە، نەهات، ئیدی نایناسم.. دوای ئەم قسانەی کە(بەهرە) رووبەڕوو بە(سەمیر)ی گوت: ئەویش یەکسەر و بێ گفتوگۆکردن لەسەر قسەکانی رازی بوو، بەڵێنی پێدا ئەو کاتەی(بەهەر) وەختی خوازبێنیکردن و چوونە داواکەی دیاریدەکات، ئەو لەسەر پێیانە و ئامادەیە.

## پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی

سەمیر بەخۆو بە بنەماڵەکەیەوە چوونە پێش و داخوازی (بەهرە)ی کردو ماڵی بابی(بەهرە)ش دوای سۆراغکردن و پرسین و لێکۆڵینەوە لە خودی( سەمیر) و خێزانەکەی، پاش دڵنیابوون کە بنەماڵەیەکی باشن رازی بوون(بەهرە)ی بدەنێ.. پاش ماوەیەك هەردوولا زەماوەندیان کرد و ژیانی هاوسەرێتیان پێکهێنا، نزیکەی ساڵێك ژیانی ژن و

**کە دکتۆرەکە قسەکانی تەواوکرد(سەمیر) چاوی رەشکە و پێشکەی کرد و هەستی بە سەر سوڕانکرد، خەریک بوو لە جێگەی خۆی بەربێتەوە سەر زەوی**

مێردایەتیان بەســـەر برد، (سەمیر) حەزی لـــە منـــداڵ بـــوو، داوای منداڵیشـــی دەکـــرد بۆیە ناوە ناوە(بەهـــرە)ی هاندەدا بچێتە لای پزیشـــکی ئافرەتان و خۆی بپشکنیێ، بزانیێ هۆی  منداڵ نەبوونیان چییـــەن ئەویش دەیگوت: جاریێ ســـەبر بگریێ کێشـــەمان چییە و چ پەلەتە، خۆ ماوەیەکی هێندە زۆر نییە بەســـەر ژیانی هاوســـەرێتیماندا ڕەت نەبووە، ژیان تەنیا منداڵ نییە، ئیتر ئەویش تا ماوەیەك بیێ دەنگی لێکرد.

## هەستکرد بە ئێش و ئازار

چەند مانگێکی تریش ڕەتبوو، ماوەیەك بوو(بەهرە)هەستی بە ئازار دەکرد و تووشی ژانە ســـك دەهات، ئەمە وایکرد سەردانی پزیشـــك بکات، ماوەیەك هەندیێ حەب و دەرمانی بەکارهێنا و تاڕادەیەك باش بوو، بەڵام دیســـان وایلێهاتەوە، ئەمجارە چووە لای پزیشکێکی پسپۆڕ، ئەویش گومانی ئەوەی لێکرد کە ڕەنگە گرێیەك لەســـەر هێلکەدانی هەبێت هەر بۆیەشـــە تا ئێستا منداڵی نەبووە، بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیابێت داخۆ گرێیان نە دەبیێ هەندیێ پشکنینی خوێـــن بکات، ئـــەوە پشـــکنینەکانی بۆ نووســـی و ئەویش بۆ بەیانییەکەی چوو، نەخۆشـــخانەی گشـــتی بۆ ئەنجامدانی پشـــکنینەکان، لەویێ خوێنیان لێوەگرت و بردیـــان و داوایان لێکرد تا پشـــکنینەکان دەردەچیێ، دەبیێ چاوەڕێی بکات، نزیکەی کاتژمێرێك دانیشـــتن ئینجـــا ئەنجامی پشـــکنینەکان دەرچـــوو، کارمەندەکەی بەشـــی تاقیگە ناوی (بەهرە)ی خوێندەوە ئەویش لێی چووە پێش تا پشـــکنینەکەی لێوەربگرێتـــن، کارمەندەکە کە چاوی بە بەهرەکەوت  دیقەتێکـــی وردتری دایەوە ئەنجامی پشـــکنینەکە و بە هیواشـــی ســـەرێکی لە قانـــد و لە دڵـــی خۆی گوتـــی: توخوا حەیف نییە ئـــەو نازدارە نەخۆشـــی شـــێرپەنجەی هەبێت(بەهرە)، کە لەگەڵ (ســـەمیر) ی مێردی پێکەوە چاوەڕوانـــی وەرگرتنـــەوەی ئەنجامـــی پشکنینەکان بوون هەستیان بە شتێك کرد بەڵام نەیاندەزانـــی چییە، پێکەوە و لەیك کاتدا بـــە کارمەندەکەیان گوت چی بووە و چی تیایە وا سەرســـامی؟ کارمەندەکە سەرەتا یەکسەر وەڵامی نەدایەوە، تۆزێك ڕاما لە دڵی خۆیدا دەیگوت بڵیێ، نەیڵیێ.. ئاخیرییەکەی گوتی: هیچ بیبەوە پزیشکی خۆتان، ئێوارە چوونەوە لای پزیشکەکەی خۆیـــان و کە نۆرەیان هات چوونە ژوورەوە و ئەنجامی پشکنینەکانیان پێدا سەیرێکی کرد و لێی وردبۆوە زۆری پیێ سەیر بوو، سەری هەڵبڕی و تەماشایەکی (بەهرە)ی کـــرد و دوای سەیرێکی (ســـەمیر) یش کـــرد، گوتیان چییـــە، گوتی هیچ من گومانی گرێیەکم دەکرد گومانەکەشـــم ڕاست دەرچوو گرێیەکت لەسەر هێڵکەدان هەیە، بەڵام داوای لێکردن تەنیا (سەمیر) لەگەڵی بمێنێتەوە، چونکە دەیەویێ بەتەنیا هەندیێ قســـەی لەگەڵـــدا بکات(بەهرە) چووە دەرەوە و (ســـەمیر) و پزیشـــکەکە بـــە تەنیا لە ژوورەوە مانەوە، پزیشـــکەکە بە(سەمیر)ی گوت: دەمەویێ حەقیقەتی نەخۆشـــی ژنەکەت بەڕاســـتی پیێ بڵێم، چونکە نابیێ پزیشك هیچ شتێك هەر چەند ناخۆش و بە ئازاریش بێت لە نەخۆشەکەی بشارێتەوە ڕاســـتییەکەی بەرێکەوت و لە کاتی پشـــکنینی دیکە بۆم دەرکەوت کە ژنەکەت نەخۆشی شـــێرپەنجەی هەیە و لە قۆناغێکی پێشکەوتووشـــدایە، واتە وا خەریکە وردە وردە، بەناو لەشیدا بڵاودەبێتەوە و چارەکردنـــی یان چاکبوونەوەی مەحاڵە هەر چەندە خەرجیشـــی لیێ سەرف بکەی تەنیا بۆ درێژکردنی تەمەنییەتی و هیچی دیکە، من پێم باشـــە یان بیبەیەوە ماڵەوە، تا خودا ڕەحمـــی پێدەکات یانیش بۆخۆت بڕیاری دەدەی چی دەکەی.

کە دکتۆرەکە قسەکانی تەواوکرد (سەمیر) چاوی ڕەشکەوپێشـــکەی کرد  و هەستی بە سەرسوڕانێك کرد خەریکبوو لە جێگەوە بەربێتەوە سەر زەوی، نەیزانی چی بڵیێ و چـــی بکات، چ بڕیار بدات و یا بیباتەوە ماڵەوە، لەو ســـاتانە دابـــوو کە ڕۆژانی یەکەمی پێش داخوازیکردن و ڕێککەوتنیان هاتەوە بیر و لە دڵی خۆیدا گوتی: بزانە چەندم مەرایـــی لەبەرکرد و چەندم خۆبە قوربانی کرد و ئەویش وەك شـــازادان نازو فیزی بەسەردا دەکردم و ڕووی نەدەدامیێ، خەریکبوو شـــێخ ومـــەلای دنیای ببەمە ڕجـــاو تکای، هەتا پێـــم ڕازی بوو، ئەو تا بەخۆی شـــێرپەنجەی هەیە، چ جۆرە شێرپەنجەیەك لێی پیس کردووە و لێیشی چاکنابێتەوە..(سەمیر) لەو خەیاڵاتانە بوو،



که دەنگی دکتۆرەکە وریای کردەوە  پێی گوت: بەڵام کاك(سـەمیر) دەبێ هێشتا پشـکنینی دیکەی بۆ بکـرێ، چونکە لەسـەر و روویدا هیچ شتێکی نا ئاسایی لێ بەدیار نەکەوتووە، پێویستە بە تەواوەتی لێی دڵنیابین.

پزیشـکەکە بەردەوام بوو لە قسەکانیدا بەڵام (سەمیر) گوێی لە هیچیان نەبوو، لە ناوخۆی خۆیدا دەکوڵا و دەجۆشا، هاتە دەرەوە بەسەروچاوێکی گرژ و مۆنەوە ، لە جیاتی ئەوەی رووبەرووی ئەو مەسەلەی بێتەوە هاوکاری ژنەکەی بێت، بەرچاوی تاریك ببوو، هیچ خۆشییەکی لە رووخساری ژنەکەی نەدەدیت(بەهرە) لێی پرسـی ها چی بوو، دکتۆر چی پێگوتی؟ وەڵامی نەدایەوە، چەند پرسیارێکی دیکەی لێکرد ، هەر وەڵامی لێوەرنەگـرت، ناچار بوو بەخۆی دەرگای ژووری پزیشك بکاتەوە وبچێتـە ژوورەوە و لە پزیشـکەکە خۆی بپرسێت، ئەویش پێی گوت: من گومانی بوونی گرێیەکی شێرپەنجەم دەکرد، بەپێی پشـکنینەکانیش ئەنجامی پشکنینەکان بێت دەبێ گرێیەکی شـێرپەنجەیی بێت، بەڵام من هێشـتا گومانم لەو ئەنجامانە هەیە بۆیە پێویستە پشکنینی دیکەت بۆ بکرێ،(بەهرە) بەقسەکانی دکتۆرەکە زۆر نیگـەران و دڵتەنگ بوون بەڵام بێ هیوا نەبوو بوو، کە دکتۆرەکە قسەکانی تەواوکرد ئەویش هاتە دەرەوە و یەکسەر بەرەو رووی (سەمیر) رۆیشت و پێی گوت: ئەوە بڵێی بۆیـە وەها لێم لالوتی و قسـەم لەگەڵ ناکـەی ئیتر قسـەیەك لەم و قسـەیەك لەون بووە مشـتومڕێکی توونـد و دەنگ هەڵبڕینیان دەرەنجامی مشـتومڕەکەیان (سەمیر) بە ئاشکراو بێ پەردە بە(بەهرە) ی گوت: من تاقەتی ژنێکی دەردەدار و رزیوی بێ فەرم نییە بڕۆوە ماڵی بابت و ئەو نازو فیزەی جاران لەسەر منت دەکرد لەسەر ئەوانی بکە و بەوانی بفرۆشە و بڕۆ ئەوە مـن و تۆ لێکجیابووینەوە(بەهرە) بە گریان رۆیشت و چۆوە ماڵی باوکی، کە لەوێ مەسـەلەکەی کردەوە ئەوان هەر بۆ بەیانی هەموو پشکنینەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بـرد و چوونە لای پزیشـکێکی دیکە، سـەرەتا بێ ئـەوەی ئەنجامەکان پیشان بدەن، گوتیان ئەوە ساڵێکە زیاترەکە مێردی کردووە بەڵام تا ئێسـتاش منداڵی نەبووە، پزیشك پێی گوتووە کەوا گرێیەکی لەسەر هێلکەدان هەیە، بۆیە منداڵی نابێ، جا نازانین وایە یان نە.

ئەو پزیشکەش دەستی بە پشکنینەکانی خۆی کرد و دوو رۆژی خایاند تا هەموو پشـکنینەکان ئامادەبـوون و تەواوکران، هەموویان بـردەوە لای و ئەویش بەوردی سەیری کردن و پێی گوتن: هیچ گرێیەکم لەسەر هێلکەدانی نەبینیوە، لە کیسێکی چـەوری زیاتر ئەویش چارەسـەرکردنی ئاسانە و تۆزێك چارەسەری هۆرمۆنیشی پێویسـتە و دوای مانگێـك دوان ئەگەر پیاوەکـەی هیـچ کەموکوڕییەکی نەبێ زۆر بە ئاسـانی منداڵـی خۆی دەبێت، گفتوگۆیەکی زۆریان لەگەڵ پزیشکەکە کرد و دواجار ئەنجامی پشـکنینەکانی پێشـتریان دایێ، ئەویش کە سەیری کرد سـەری لەو دەرەنجامانە سووڕما و پێی گوتن، ئەو پشکنینانە هی (بەهرە)نین بزانە لێکچوون لە ناوەکانیان یا لەو خوێنەی کە وەرگیراوە تێکەڵاوبوونێك رووی داوە، ئەوان بۆ دڵنیابوونی زیاتر سـەردانی چەندین دکتـۆری دیکەیان کرد و هەمان دەرەنجام کـە هیچی نییـە و شـێرپەنجەی نییە دەرچوونەوە، چوونە ئەو نەخۆشـخانەیەی کە لە تاقیگەکەیدا پشکنینەکانیان درایە، پاش تەماشـاکردنی تۆمارەکان دەرکەوت پشکنینی نەخۆشێکی تر دراوەتە (بەهرە) کە ئەو نەخۆشە نەخۆشـی شێرپەنجەی هەبووە، کە بـە تەواوەتی دڵنیابوون چی روویداوە هەواڵیان بۆ (سـەمیر) نارد کە (بەهرە) هیچی نییە مەسەلەکەشـی بە هەڵەبوە(سەمیر) هەواڵەکەی پێ سەیر بوو، بڕیاریدا بەخۆی دڵنیابێت لە مەسەلەکە، داوایانی لێکرد کـە رێگەی بدەن پێکەوە لەگەڵ(بەهرە) کە مەلەسـەکە بکۆڵێتەوە ئەوانیش هەر بۆ ئـەوەی حەقیقەتەکەی پێ بـگات، رازی بوون،ئەویش چەندین پزیشك و پشـکنینی بۆ کردەوە دەرکەوت راستەهیچی نییە، هەڵەیەك لە مەسەلەکە روویداوە، داوای لە(بەهرە) کرد بگەڕێتەوە لای، بـەڵام ئـەو رازی نەبـوو، بەڵکو مەسـەلەکەی گەیانـدە دادگا و لەوێ کردییـە کێشـە و بەیەکجارەکی کۆتایی بە ژیانی هاوسـەرێتی خۆی و(سەمیر) هێنا.



# نەزۆک بوو و دوو منداڵیشی هەبوو!!

***لە ناو دادگاکاندا کە جێی بڕانەوەی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی سەیر و سەمەرەیە، ڕۆژانە بە دەیان کێشەی سەیر و نامۆ بڕیاری کۆتاییان لێدەدرێت و دۆسییەکانیان دادەخرێت، لە فایلی ئەمجارەشدا دۆسییەی پیاوێك دەخەینەڕوو کە لە بنەڕەتدا خۆی نەزۆك بووە و توانای منداڵبوونی نەبووە، کەچی ژنەکەی بە حیساب دوو منداڵی لێی هەبووە، بەڵام کاتێك دەردەکەوێت خۆی نەزۆکە ومنداڵی نابێت ئینجا گومان لە ژنەکەی پەیدا دەکات و دەزانێ کەوا ناپاکی لێکردووە.***



**ئا: باوکی میدیا**



گوڵان
ژمارە (٧٣٥)
٢٠٠٩/٦/١



### بەڕێکەوت دەزانێ نەزۆکە

(پیرداود) پتر لە چوار ساڵ دەبوو ژنی هێنابوو دوو منداڵیشی هەبوو کە کوڕ وکچێك بوون کچەکەی تەمەنی سێ ساڵ و کوڕەکەشی دوو ساڵان دەبوو..( پیرداود) دەمێك بوو بە (مهاباد)ی ژنی دەگوت کەوا گورچیلەی دەهێشێ، ئەویش دەیگوت: ئێ باشە پیاوەکە بۆ ناچیتە لای پزیشك و بزانی چیتە؟ ئەویش هەر فەرامۆشی دەکرد و بە هەندی وەرنەدەگرت، ئەوەبوو ئێوارەیەکیان ژان تینی بۆ دێنێ و ناچار دەبێ بچێتە لای پزیشکێکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی گورچیلە، پزیشکەکە هەندێ پشکنینی سەرجێی بۆ کرد و یەك دوو پشکنینی خوێنیشی بۆ نووسی، ئەوەبوو کە پشکنینەکان کرد بۆ پزیشکەکەی بردەوە، پزیشکەکە ویستی پشکنینی دیکەی بۆ بکات و بە تەواوەتی بزانێ کە نەخۆشییەکەی چییە، بۆیە کاتێکی دیکەی بۆ دیاریکرد و هەندێ دەرمانیشی بۆ نووسی، جاری دووەم کە چووەوە هەردوو منداڵەکەی و(پەخشان)ی خێزانیش لەگەڵ خۆی برد، پزیشکەکە ئەمجارە هەر لە چوارچێوەی پشکنینەکانیدا بە (پیرداود)ی گوت: تۆ هەوکردنێکی زۆری میزەڕۆت هەیە بەڵام دیار نییە سەرچاوەی ئەو هەورکردنانەت چییە، بۆیە چەند پشکنینێکی ترت پێویستە، پشکنینەکانی بۆ نووسی و ئەویش چوو ئەنجامی بدات، پزیشکەکە سەیرێکی پشکنینەکانی کرد و

تەماشایەکی ژنەکەی و هەردوو منداڵەکەی کـــرد، بە(پیرداود)ی گوت: ئەوە خێزانتە؟ ئەویـــش گوتی: بەڵێ ئەی ئەم منداڵانە؟ گوتی: ئەوانەش هـــی خۆمن، بەڵام دوو ســـاڵێکە منداڵمان نییە، پزیشـــکەکە لێی پرســـی هیچ برایەکت هەیە ژنی هێنابێ و منداڵان نەبوویێت، (پیرداود)یش گوتی: ئەرێ وەڵلا دوو بـــرای لەخۆمم گەورەت هەنـــە و هەردووکیشـــیان منداڵی نییە و دکتۆر و پزیشکی دنیایان کرد، هەموویان دەیانگوت ئێـــوە منداڵتان نابێت، تەنیا من نەبێ لە ناو خێزانەکەم عەیبم نییە، کە ئەو قسەیەی کرد تەماشایەکی ژنەکەی کرد و بزەیەکی هاتێ، بەڵام هیچیشـــی نەگوت پزیشـــکەکە لێی پرسی: باشە پێشتر هیچ خۆتت نیشانی پزیشك دابوو(پیرداود) یش گوتی: ئەرێ وەڵـــلا پێش ئەوەی ژن بێنم و دوای ژنهێنانیشـــم بەڵام پزیشکەکان چ قسەیەکیان نەدەکرد، پزیشکەکە لێی پرسی ئەگەر ئەو پشـــکنینانەت مـــاوە بیانهێنە، ئەویـــش گوتـــی: هیچم فڕێ نـــەداوە و هەموویم ماون، پزیشـــکەکە رۆژێکی بۆ دانا بۆ دووبارە پشـــکنینەوە و سەیر کردنی پشکنینە کۆنەکانی.

## دەرکەوتنی راستییەکی نەزانراو

(پیرداود) لە دڵی خۆیدا هەستی بە شتێك دەکرد بـــەڵام نەیدەزانی چییە، تا رادەیەك تووشـــی دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەك ببوو، ترســـی ئەوەی هەبوو تووشـــی شێرپەنجە یان نەخۆشـــییەکی ســـەخت و کوشـــندە بوویێـــت، ئـــەورۆژەی دووبـــارە بە تەنیا چۆوە لای پزیشـــك، پشـــکنینەکانی دایە دەست ، پزیشـــکەکە هەمووی خوێندنەوە و هەڵیسەنگاندن، ئینجا رووبەڕوو قسەی لەگـــەڵ (پیـــرداود) کـــرد و پێی گوت: کاکە هەوکردنەکەت لە نـــاو بۆڕییەکانی تۆواون و توورەگـــەی تۆواوت دابووە، ئەو هەوکردنـــە درێژخایەن بـــووە و بۆتە هۆی ئەوەی خانە ســـپێرمەکانت بکوژێ، خۆت بە بۆماوە ســـپێرمت زۆرکەم و لاوازبووە بە هۆی ئەو هەوکردنانەشـــتەوە کە درەنگ بۆ چارەســـەرکردن هاتووی چیتر منداڵت نابێ (پیرداود)یش گوتی: کێشـــەم نییە با منداڵـــم نەبێ خـــۆ دوو منداڵم هەیە هەر ئەو دووەم بەســـە، پزیشکەکە گوتی: ئایا پێش ژن هێنانت ئەو منداڵانەت هەبوو، یا هەڵگرتوونەتـــەوە؟ ئەویش گوتی: جەنابی دکتۆر هەڵگرتنەوەی چی منداڵی خۆمن و لە زۆریەی خۆم بوونە دکتۆرەکە پێی گوت؟ بەڵام کاکی برا بەپێی ئەو پشـــکنینانە تۆ منداڵت نابـــێ.. (پیرداود) کەوتە بارێکی دەروونی زۆر ناخۆش و هەستیار، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: کابرا ئەوە تۆ دەڵێی چی، ئەگەر من منداڵم نابێ ئەی ئەو منداڵانە هی کێ و لە کێ پەیدا بوونە؟ چۆن شتی وا سەیر و ســـەمەرە دەبێ، دەمێك بوو لە دیار پزیشـــکەکە دانیشتبوو لەگەڵ خۆی دەدواو وبیـــری دەکردەوە بەخوا شـــتێکی سەیرە، دەبێ ئەو پزیشکە لەگەڵ پشکنینی کەسێکی دیکە لێی تێکنەچووبێ، ئەو لەو خەیاڵانە بوو کاتێك پزیشـــکەکە زنجیرەی خەیاڵاتـــی پچـــڕان و پێی گـــوت: حەز دەکەی ئێســـتا پشکنینت بۆ دەنووسمەوە و هەر ئێســـتا بیکە، ئەویش گوتی: باشە، پشکنینی بۆ نووسی و (پیرداود)یش چوو پشـــکنینەکەی لە تاقیگەیـــەك ئەنجامدا کە دەرەنجامی پشـــکنینەکەی وەرگرتەوە لـــە کابـــرای تاقیگەی پرســـی؟ ئەرێ کاکە ئەنجامەکەی چـــی تێدایە، ئەویش نەیویســـت هیچی پێبڵێ پێی گوت: برام بیبە بۆی پزیشـــکەکە باشترە، ئەو چاکتر دەیزانێ، ئەویـــش ناچار بوو خۆی کڕکرد و لۆژ لۆژ بەرەو نۆڕینگەی پزیشـــکەکە چـــۆوە، کە نۆرەی هات چـــووە ژوورەوە و پشـــکنینەکەی پێدا، دکتۆرەکە سەیرێکی کرد و تەماشـــایەکی مێژووەکەشی کرد و پێی گوت: ئەوە تازەت هێناوە؟

(پیرداود) گوتی بەڵێ: پزیشکەکە دەستی دایە مۆبایلی ســـەر مێزەکەی و زەنگێکی بـــۆ ئەو یاریـــدەدەری پزیشـــکی کرد کە پشـــکنینەکەی بۆ( پیرداود) کرد و چەند پرســـیارێکی لێکرد و ئەوجا خوا حافیزی لێکـــرد، بە( پیـــرداود)ی گوت: کاکە تۆ منداڵت نابێ و ئەوەش دواقسەمە، بەکورتی تۆ نەزۆکی رێژەی ســـپێرم لە ناو تۆواوتدا ناگاتـــە لەســـەدا پێنجیـــش، ئاخر چۆن منداڵێکـــت دەبێ نـــەك دووان؟ (پیرداود) بەو قســـانە خەریکبوو شـــێتگیر دەبوو بە دکتۆرەکەی گوت: دکتۆر تۆ دەزانی چی دەڵێی؟ دەزانی مانای قســـەکە چییە..؟ پزیشـــکەکەش پێی گوت: کاکی خۆم وا باشترە چەند پزیشکێکی تریش بکەی تاوەکو بە تەواوەتی دڵنیابیت، بە هەرحاڵ (پیرداود) لە نۆرینگە هاتە دەرەوە و ســـەرو دڵی بە تەواوەتی گیرابوو، کابرا لە تاوان خەریکبوو شێت دەبوو، چۆوە ماڵەوە بەڵام هیچ بەسەر خۆیدا نەهێنا، چاودێرییەکی وردی خستە ســـەر هەڵســـوکەوتی ژنەکەی، دەیبینی تۆزێك نیگەرانـــە، بەڵام هیچ رەفتارێکی نا ئاســـایی نـــاکات، ئێوارەیەکیان چووە ماڵی باوکی و دانیشـــت وپێی گوتن: من ئەوە چەند رۆژێکە خەریکی پشـــکنین و خۆنیشاندانی پزیشکم، بەڵام بەرێکەوت بۆم دەرکەوتووە کەوا نەزۆکم، ئیتر باســـەکە تا نزیکەی (١٢)ی شەو بە گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوە و هەڵســـەنگاندنی مەسەلەکە درێژەی کێشـــا، هەموویان کەوتە سەر ئەو رایـــە یەك دوو رۆژی تر خۆی نیشـــانی یـــەك دوو پزیشـــکی دیکـــەش بداتەوە و مەسەلەکەش تا بە تەواوەتی روون نەبێتەوە لای کەس نەدرکێندرێـــت، وابوو(پیرداود) لەگەڵ برایەکی چوونە لای پزیشـــکێکی تر و پشـــکنینەکانی کردەوە لەوێش هەمان دەرەنجام دەرچوو، پزیشـــکی دیکەشـــیان کرد و هەمان شـــت دووبـــارە بۆوە، ئینجا بڕوایەکـــی تـــەواوی لەلا دروســـتبوو کە ژنەکـــەی ناپاکی لێکردووە و دۆســـتی هەیە یان پێشـــتر هەیبووە و منداڵەکانیش لە زوڕیـــەی ئەونین، (پیرداود) و براکانی لە ناوخۆیاندا رێکەوتن بە زەبری ترســـاندن و کوشتن راســـتی مەسەلەکە بە(پەخشان) ی ژنی ئاشـــکرا بکەن، بۆ ئەم مەبەستە رۆژێـــك بانگی ماڵی باوکی (پیرداود)ی دەکەن و لە ژوورێکی تووند دەکەن و دەست دەدەنـــە چەقۆو دەمانچە، (پەخشـــان) کە وەزعەکە دەبینێ هەتبڕەشی دەچێ و هەر زوو دان بە هەموو شـــتێك دادەنێ ئەوانیش دەنگـــی تۆمار دەکەن، لـــە دانپێنانەکەیدا دەڵـــێ: پەیوەندی لەگەڵ کوڕێك هەبووە و ئەو دوو منداڵەش لەو بوونە، کوڕەکە دوای یەك دوو ساڵ پەیوەندی، شوێن بزر دەبێ و کەس نازانێ چی لێهاتووە.

## لێکجیابوونەوە

ماڵـــی باوکی(پیرداود) هـــەر ئەو رۆژە ماڵی باوکی (پەخشان) بانگ دەکەن کەوا ئەوانـــە هەردووکیان بەیـــەك رازی نین و دەبێ منداڵەکانیش بدرێنەوە پەخشان پاش، وتوێژێکی دوورودرێژ لەوێ هەر لەو دانیشتنە بە تەڵاقـــی ئارەزوومەندانە، (پیرداود) بە شاهێدی کەسوکاری هەردوولا (پەخشان)ی ژنی تەڵاق دەدات، پاشـــان دەچنە دادگا و لەوێش ئـــەو تەڵاقـــە ئارەزوومەندانەیە پەســـەند دەکەن و کۆتایی بە ژیانی ژن و مێردایەتییان دێنن.

ئێوارەیەکیان چووە ماڵی باوکی و باوک و براکانی دانیشاندا و پێی گوتن: من ئەوە چەند رۆژێکە خەریکی پشکنین و خۆنیشاندانی پزیشکم، بەرێکەوت بۆم دەرکەوتووە کە نەزۆکم



# بەهۆی ئینتەرنێتەوە خۆشەویستەکەی تاقی کردەوە؟

***زۆرجار تەنیایی و بێکاری مرۆڤ بەرەو هەندێك بیروبۆچوون و کاردەبات کە دواجار خۆی لەهەندێکیاند دەبینێتەوە و سەری دەسورمێ ئەو شتانە چۆن روویاندا وە، بەڵام رۆیشتن و هەنگاونان مرۆڤ والێدەکات ساناتر سەیری ئاریشەکان بکات ئەگەرچی لەبەرژەوەندی خۆشیدا نەبێت، ئەمەلەلایەك لەلایەکی تریشەوە دەبینین کرانەوەی کۆمەڵگە و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاکانی سەردەم زیاتر پاڵنەرن بۆ ئەم مەسەلەیە و خراپ بەکارهێنانیان چەندین گەنجی بەرەو هەڵە بردووە.***

ئا: ناسك سەعید- سلێمانی



### سەرەتای کێشە

(هاوناز) کچێکی سەرنج راکێش و قوتابی زانکۆی سلێمانییە، ئەو لە کاتی باسکردنی مۆبایل و سود وەرگرتن لەئینتەرنێت هەمیشە بەنێگەتیڤ لێیان دەدوا و بۆچوونی وابوو کە لایەنی خراپی زیاتر هەیە، چونکە خۆی یەکێکە لەقوربانیانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت. هاوناز دەڵێت:کاتێك لەپۆلی شەشی ئامادەیی دەرچووم و نمرەیەکی باشم هێنا پێم وابوو دەبوو پێش ئەوەی بچم بۆ زانکۆ زانیارییەکی دروستم لەسەر کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت هەبێت، بۆئەوەی لەناو هاورێکانمدا خۆم بەکەمتر نیشان نەدەم.

بێگومان باوکم دەرامەتی زۆرباش نەبوو، بەڵام هەرپێم دادەگرت کە کۆمپیوتەرم بۆ بکرێت و داوتریش هێڵی ئینتەرنێت بۆماڵەوە رابکێشێت تا زیاتر سود لە کاتەکانم وەربگرم. بەمجۆرە باوکم بە داواکانم رازی بوو هەرچەندە قورساییەکی زۆری خستە سەرشانی و بەڵام بەهەرشێوەیەك بوو بۆی دابین کردم. پاش بەکارهێنانی بۆماوەیەکی دیاری کراو تەواو فێری هەموو بەرنامەکانی بووم، بەتایبەت من زیاتر چاتم پێدەکردو کاتەکانم بەچات کردن بەسەردەبرد، کەمتر سودم لەبەرنامەکانی تر وەردەگرت.

لەدوای وەرگرتنی (هاوناز) لەزانکۆی سلێمانی و تەواوکردنی مامەڵەکانی و چوونی بۆ کۆلێژێك پێی وابوو دەبێ کراوەتر بێت و تێکەڵ بەهەردوو رەگەزبێ. هاوناز وایدەزانی کە تاکە کەسە



لەگروپەکـــەی ئینتەرنێتی هەبێت، بۆیە خۆی بەسەرجەمیان دەناسێنێت و باسی ئەوە دەکات کە ئینتەرنێتی لەماڵەوە هەیە و شـــەوانە تا درەنگانێکی شەو خەریکی چات کردنە. بەم باســـکردنەوەی یەکێك لەهاورێ کوڕەکانی ئەم هەلە دەقۆزێتەوە و ئیمێڵەکـــەی لێوەردەگرێت و خۆی لێ نزیك دەکاتەوە.

(پشـــتیوان) هەروەك هاوناز وەســـفی دەکات کە چەنـــدە کوڕێکی ڕێك پۆش و دیاربـــووە لەگروپەکەیاندا بۆیە کاتێك بەو شـــێوەیە لەهاوناز نزیك دەبێتەوە وەك جۆرێ لەخۆبای بوون لەناو هاورێکانیدا خـــۆی دەنوێنێت، هاوناز لەدوای پێدانی ئیمێڵەکـــەی زۆر بێ ئاگا دەبێت لەوەی پشتیوان ڕۆژانە لەسەر هێڵی ئینتەرنێتە و چاودێری دەکات و خۆشی بەو ئیمێڵە دانابەزێت کە پێشتر بەهاونازی دابوو بۆیە هاوناز ئەوەی بەخەیاڵدا نایەت کە پشتیوان درۆی لەگەڵدا بـــکات. هاوناز بەناوی خۆیەوە لەژوورەکانی چاتکردندا لەگەڵ پشـــتیوان قســـە دەکات، بەڵام پشتیوان وەك کچێك خۆی بەهاوناز دەناســـێنێت، بێگومان پشـــتیوان مەبەستێکی هەبووە.

شەوانە لەسەر هێڵی ئینتەرنێت زانیاری زیاتر لەسەر هاوناز کۆدەکاتەوە، چونکە وەك کچێك پرســـیاری لێـــدەکات و پێی دەڵێت لەبەریتانیا دادەنیشم، بەمەش هیچ گومانێك لای هاوناز دروست ناکات.

هاوناز بەلایەوە سەیر دەبێت کە پشتیوان شـــەوانە چاتی لەگەڵدا ناکات و کەچی بەرۆژی پەیوەندی زۆرباشە ئەمە دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی هاوناز.

شـــەوێك پشـــتیوان بە هاوناز دەڵێت کامێرای خۆی بکاتەوە بۆئەوەی باشتر یەکتر بناســـن، هاونازیش بەمە ڕازی دەبێت و کامێرای خۆی دەکاتەوە، بەڵام پشتیوان خۆی وەك کچێك نیشان دەدات ڕازی نابێت کامێـــرای خۆی بکاتەوە چونکە ئاشکرا دەبێت، کاتێك دەیبینێت پێی دەڵێت تۆ کچێکی زۆر جوانیت من برایەکەم هەیە بەنیازە ژن بێنێت ئەگەر پێـــت خۆش بێت وێنەی تۆی نیشـــان دەدەم بزانم ڕای چۆن دەبێت؟

دوای شەوێك هاوناز پێی دەڵێت بزانم چیت کردووە پشتیوانیش دەڵێت براکەم تۆی زۆر بەدڵ بووە، حەز دەکەم ڕۆژێك چاتی لەگەڵدا بکەیت تا یەکتر بناسن، بێگومان بەمە هاوناز زۆر خۆشـــحاڵ دەبێت، چونکە واهەست دەکات پشتیوان گرنگی پێنادات هەر بۆیە ڕازی دەبێت بەو کوڕە وەهمیەی بەنیازە شـــوی پێ بکات. هاوناز دەڵێت: لەگەڵ پشتیواندا چاتم دەکرد بەناوی شەنگەوە پەیوەندی پێوە کردم ڕۆژێك گوتی: ببورە براکەم ناتوانێت بێتە ســـەر هێڵـــی ئینتەرنێت بەڵام ناونیشـــانی ماڵێکت پێدەڵێم بچۆ ســـەردانیان بکە ئـــەوە ماڵی نەنکمەو دایکم ئێســـتا لەکوردســـتانە بەیەکەوە گفتوگۆ لەســـەر ئەو مەسەلەیە بکەن، منیش وام زانی کـــە ڕێوی بەپیرمەوە هاتووە ناونیشانی تەواوەتیم وەرگرت و ڕۆژێکم دانا بۆ سەردان کردنیان.


### بڕیارێکی هەڵە

لەزانکۆ ئەم مەســـەلەیەم لای کەس باس نەکرد گوتم تا یـــەك لا نەبێتەوە باســـی ناکەم بۆئەوەی پشـــتیوان بەم مەســـەلەیە نەزانێت، پشتیوانیش زیاتر لەجاران گـــەرم و گوڕتر بوو هەرگیز هەســـتم نەدەکرد کە ئەو پەیوەندی بەم مەســـەلەیەوە هەبێـــت. ڕۆژێك دوای تەواوبوونی دەوامـــی زانکۆ چووم بۆ ئەو ماڵەی کە بۆم دەستنیشان کرابوو، ســـوار، تەکســـیەك بووم و ڕۆیشـــتم، کاتێك گەیشتمە بەردەرگای ماڵەکە و لەدەرگای ماڵەکەمدا، بینیم پشـــتیوان دەرگای لێکردمەوە و فەرمووی لێکردم بۆ ژوورەوە، لەوحاڵەتەدا توشـــی شۆك بووم نەم دەزانی چی بکەم و چی بڵێم، سەرم سوڕما بوو دەمگوت خوایە گیان تۆبڵێیت ئەو کوڕە خزمی پشتیوان بێت یاخود ئاگاداری ئەو مەســـەلەیە بێت یـــان بەرێکەوت هات بێـــت و چەندین پرسیاری تر.

هاوناز دەکەوێتە گێژاوی بیرکردنەوەو نازانێـــت لەکوێوە دەســـت پـــێ بکات لەهەمـــان کاتدا لەماڵێکـــی چۆڵدا، دەبێت پشتیوان چی بکات ؟ بێگومان پشـــتیوان خۆی دەزانێت مەسەلە چیە و هاونـــاز بۆچ مەســـەلەیەك هاتووە؟ لەوکاتـــەدا دایکـــی دێتە حەوشـــەو بەخێرهاتنی هاوناز دەکات،ئاهێك دێتەوە بەبەر هاونازدا و ئینجا دەچێتە ژوورەوە، لەکاتی دانیشـــتندا پشـــتیوان، هاوناز بەدایکی دەناسێنێت و دەکەونە گفتوگۆ کردن،دایکی ســـەرقاڵی ئامادەکردنی چایە دەبێت، پشتیوان فرسەت دێنێت و بەهاوناز دەڵێت ئاگادارە بۆچی هاتووە؟ دەڵێـــت: هاوناز گوێ بگرە تۆکچێکی جوان و بەڕەوشتیت حەز ناکەم بکەویتە هیـــچ هەڵەیەکەوە ئەمەی کە تۆ بۆی هاتووی من دروســـتم کردووە، واتە ئەو کچەی قسەت لەگەڵدا دەکرد ئەوە من بووم بەناوی ئەوەوە چاتم دەکرد چونکە من تۆم زۆر خۆش دەوێت، ویســـتم بەم شێوەیە تاقیت بکەمەوە، بەڵام بەداخەوە ســـەرکەوتوو نەبویت.هاونـــاز دەڵێت: منیش پێم گوت نابێـــت ئەمە بەهەڵە وەربگرێت چونکە هەڵەی پشتیوان بووە بەو شێوەیە تاقی کردۆتەوە و دواتریش هەموو کچێك مافی خۆیەتی کەسێك وەك هاوســـەری ژیانـــی بدۆزێتەوە. هاوناز ئەمە دەڵێـــت و دەچێتە دەرەوە، بەڵام پشـــتیوان بەڵێنی پێ دەدات لای هیچ کەس ئەو مەسەلەیە نەدرکێنێت.

هاوناز دەڵێت لەو ڕۆژەوە ئیتر متمانەم بەکەس نەماوە و هەروەها ئینتەرنێتیشم لەماڵەوە نەهێشـــتووە چونکە بەهۆیەوە کەوتمە گەورەتریـــن هەڵەی ژیانمەوە، ناتوانم وەك جاران سەیری پشتیوان بکەم و قسەی لەگەڵدا بکەم، هەرچەندە بووە جێگەی پرســـیاریش لەلای هاورێکانم بەڵام هەوڵمدا خۆم لەو قســـانە بەدوور بگرم، چونکە وەڵامێکم پێنەبوو بۆیان.

شەوێک پشتیوان بە هاوناز دەڵێت کامێرای ئینتەرنێتەکەت بکەوە بایەکتری ببینین، تەنیا بۆ ئەوەی هاوناز تاقی بکاتەوە



# بێتاوانیش بوو... کەچی پێنج ساڵ حوکم درا!

لەنێو فایلەکانی دادگاوە

**رۆژی حوکمدان**

(ئاسۆ) ئەو رۆژەی کە رۆژی حوکمدان بوو لەسەر تاوانەکەی، هەمیشە رەنگ زەرد و لێو بەباربوو، ئارەزووی تەنانەت، خواردنیشی نەبوو، گەرووی وشکبوو بێزاری کردبوو، ناچار دەبەیەکی پلاستیکی بچووکی پڕئاوکرد و لە دەستی گرت، ناوە ناوە لێوی وشکی بە قومە ئاوێك تەڕ دەکرد.

کابرای پاسەوان لەسەر فەرمانی ئەفسەرەکە بانگی (ئاسۆ) و چوار پێنج تاوانباری دیکەی کرد کە خۆیان سازکەن دەیانبەنە دادگا(ئاسۆ) و ئەوانیتر دەمێك بوو خۆیان ئامادەکردبوو، بەدەست زنجیرکراوییەوە هەر چوار پێنجیان هێنایە دەرەوە و لەناو ئۆتۆمبێلە تایبەتییەکەیان کردن و بەرەو دادگا بەڕێ کەوتن، لەوێش پتر لە دووکاتژمێر پرۆسەی دادگایکردن و تۆمارکردنی وتەی لایەنەکانی داواکە بەردەوام بوو، تا گەیشتە قۆناغی بڕیاردان و خوێندنەوەی حوکمەکە.

**حوکمدان**

پاش نیوکاتژمێر مانەوەی دادگا و دەستەی دادوەران بە تەنیا و تاوتوێکردنی کێشە لە نێو خۆیاندا ئینجا گەیشتنە بڕیارێك و بانگی تۆمەتبارەکان کرا،و هەموو ئامادەکران بۆ خوێندنەوەی بڕیاری دادگا، بڕیارەکەش بەمشێوەیە بوو، ئازادکردنی هەر یەك لە (قاسم و رەشاد و ئیسماعیل) بەندکردنی پێنج ساڵ بۆ هەر یەك لە(ئاسۆ و هونەر).

لەگەڵ خوێندنەوەی بڕیاری حوکمدانەکە(ئاسۆ) بەرچاوی تاریك داهات و سەری گێژبوو، لە ماوەی چەند ساتێکدا کە دادگا هێشتا هەر خەریکی تەواوکردنی خوێندنەوەی حوکمەکە بوو کە تەپەی لێوەهات و کەوتە سەر زەوی ، پۆلیسەکان فەرمانیان پێکرا کە هەڵیگرنەوە و ئاوی پێدابکەن، ئەوانیش وایانلێکرد ودواتر بەهۆش خۆی هاتەوە، کە هاتەوە سەرەخۆ بینی وا لە ناو بەندیخانەدایە، هاوڕێ بەندییەکانی دڵیان دەدایەوە و ورەیان دەدایە بەر، کە سەیری ئەو خەڵکەی دەوروبەری خۆی کرد و زۆربەشیان چەند هەفتە و مانگە لە گرتووخانەدان و و هێشتا لێکۆڵینەوەیان تەواو نەبووە، یا لێکۆڵینەوەیان تەواوبووە بەڵام چاوەڕێی دادگاییکردنن، یا لە قۆناغی دادگایکردن دان و جارێ حوکمیان بۆ دەرنەچووە، وا بەدیارییەوەین و پەرۆشی حاڵی ئەون و هەریەکەی بە قسەیەکی ورە بەخش و تین وەبەرهێنەر قسەیەکی خێری بۆ دەکات، تۆزێك هاتەوە سەرەخۆو لەخۆوە هەستی بە هێز و تینێکی نائاسایی کرد و سوپاسی هەموویانی کرد و خۆی بە خەجاڵەت و شەرمەزاریان زانی و گوتی: براینە چی بکەم ئەوەش چارەنووسە رەشەکەمە و دووچاری بووم، سەیرم بەوە دێ من و کاك(هونەر) هیچمان نەکردووە و وا بۆ دوو مانگ و سێ هەفتەش دەچێ هەر لە ژێر رێکاری لێکۆڵینەوەیە دابووین، کەچی ئەو رێڕەوەی لێکۆڵینەوەیە نەیتوانی بگات ئەو راستییەی کە ئێمە هەردووکمان بێتاوان و بێ گوناهین و ئەو تەڵەکە بازانەی کە ئازادکران تاوانباری راستیقەنەن ئێمەیان حوکمدا و ئەوانیشیان ئازادکرد، یەکێ لە بەندییەکانی کە باوەڕی بە قسەکانی هەردووکیان بوو، بەندییەکی خاوەن ئەزموون بوو، زۆر شت لە ناو بەندیخانە و شتی دادگاکان فێرببوو بە ئاسۆی گوت:

باشە کاکە ئەتۆ بڕیارت داوە ئەو حوکمەت( تەمییز) بکەیەوە؟ (ئاسۆ)ش گوتی: وەڵڵا نازانم(تەمییز)یش چییە، ئەوجا ئەوەم بۆچییە، کاکە لێم گەڕێ با(٥) ساڵەکەم لێنەکەنە(١٠) ساڵ و زیاتریش، ئەو برادەرەشی گوتی: نا برا نا، زۆر کەس بە(تەمییز) رزگاری بووە، بەتایبەت ئەگەر ئەم بێتاوان بووبێت(ئاسۆ)ش گوتی:

ئاخر چۆن؟، برادەرەکەی گوتی، کاکە تۆ ناڵێی من بێتاوانم، دەباشــە ورد و درشتی بارودۆخەکــەت و چۆنییەتــی گیرانت و هەرچی پەیوەندی بەتۆوە و ئەم کێشەیەتەوە هەیە بۆ پارێزەرێکی باش باسی بکە و با بۆت(تەمییز) بکاتەوە ، ئەوان دەزانن چۆن بەم کارە هەڵدەســتن، پێشنیاری کابرا زۆر بەجێ بوو، پێی شــتێکی باش بوو، تۆزە هیوایەکی پێداگەڕا و ئەوجا پاش ماوەیەك ســۆراغی ئەو شتەی کرد کە هاوڕێکەی پێی گوتبــوو زانیاری زیاتری لەســەر کۆکردەوە و بیرۆکەیەکی لەلا دروســتبوو، ڕۆژ دواتــر ڕۆژی ســەردانی بەندییەکان بوو، بە نیگەرانییەکــی زۆرەوە چاوەڕێی بەیانی دەکرد بەڵکو هەتا زووە ئاگاداریان بکاتەوە و بچن پارێزەرێکی باشی بۆ بگرن و حوکمەکەی بۆ (تەمییز) بکەنەوە.

## گرتنی پارێزەر

بەیانییەکــە کە ڕێگە بــە خەڵك درا بێنە ســەردانی بەندییەکانیــان هەر زوو لەبەردەم شیشــەکان وەســتا و چاوەڕێی گەیشــتنی کەســوکاری کرد، کە هاتن گوتی: جارێ پێش هەموو شتێ با ئەوەم لەبیر نەچێ پارێزەرێکی باشــم بۆ بگرن حوکمەکەم بۆ (تەمییــز) بکاتەوە، ئینجا بە درێژی باســەکەی بۆ کردنەوە ڕۆژی دواتر پارێزەرێك چووە ســەردانی، ئەویش وردو درشتی ڕووداوی تێوەگلانەکەی بۆ باس کرد، پاشــان پارێزەرەکە دەســتی بە ئیشی خۆی کرد و دوای پێنج ڕۆژان لە کارکردنی بەردەوام لەســەر ئەم کێشەیە و خوێندنەوەی پەڕ بە پەڕی دۆسییەکەی، کێشــەکە بریتی بوو لــە تاوانی کڕین و فرۆشــتن و هەڵگرتنی ماددەی هۆشبەر بوو ڕاستی ڕووداوەکەش بەمشێوەیە بوو:

(ئاســۆ ) دوکانی فرۆشتنی کەلوپەلی جوانکاری و ماکیاجی ئافرەتانی هەیە و ، برادەرەکەشــی(هونەر) دووکانێکی ڕزق فرۆشــتنی لە تەنیشــت دوکانەکەی ئەوە هەبووە، (هونەر) برادەری(قاســم) دەبێت ئەویش دووەکانێکی بچووك لە نزیك ئەوان دەگرێت و دواتر دەبێتە دراوسێیان ماوەی چەند مانگێك ئــەو دوکانەی بە بەتاڵی بەجێهێشــتووە، پاشان کردبوویمە دووکانی بازرگانی ، بــەڵام بازرگانی چی کەس نەیدەزانــی! لای برادەرەکانــی دەیگووت لەسەر سنوور کەلوپەلی خۆراك بە لۆری دەهێنیــن و بە کۆ دەیکڕین و هەر لەوێش بەکۆ دەیفرۆشینەوە قازانجی باشی هەیە( قاســم) خۆی دەکاتــە برادەری(هونەر) و چەنــد جارێك لەگــەڵ خۆی دەیباتە سەر ســنوور و بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (پیك ئاب) لەسەر سنوور لە چایخانەیەك دادەنیشــن و چاوەڕێی هاتنی کەســێك دەکــەن گوایە ئەویش بازرگانە و هەواڵی هاتنی کەلوپەلەکانــی پێدەگەیەنێ ئیتر جار جارە لەو شــوێنە لە ماڵی برادەرێکی (قاســم) دەمێننەوە و ئەم کردەوەیە چەند جارێك ئەنجام دەدرێــت، جاری یەکەم بە ئۆتۆمبیلی(قاسم) و جارەکانی دواتریش ئیتر هەر بە ئۆتۆمبێلەکەی(هونەر) هەر ســەرەفەش بڕە پارەیەکــی باش دەدەنە( هونەر)،(ئاسۆ ) ڕۆژێك لە هونەر دەپرسێ و دەڵێ: ئــەرێ کاك(هونەر) چییە خێرە هێندە بزری و دوکانت زوو زوو دادەخەی؟ ئەویــش دەڵێ: وەڵڵا کاکــە کارێکی ترم هەیە، (هونەر) پرســیارکردنی (ئاســۆ) بە(قاســم) دەڵێ و ئەویــش پێی دەڵێ: ئەگەر حــەزی لێیە، بــا لەگەڵمان کار بکات، پاش ماوەیەك ئەویش واتە(ئاسۆ) دێتە ناو کارەکە(قاســم) وەك فیلم نواندن کارەکان دەکات هێنــان وبردنــی مــاددە هۆشبەرەکانیش بە(ئاسۆ و هونەر) دەکات و بێ ئــەوەی ئەوان پێی بزانن واشــیان تێدەگەیەنــێ کــە بــڕواو متمانەی بەو دووانە هەیە لەم بازرگانییەدا بۆیە حەزی کــردووە ببێتە هاوبەشــیان ئــەو ماڵەش کە شەوان لێی دەنووســتن لەسەر سنوور ماڵێکی کاتی(ڕەشاد و ئیسماعیل) دەبێ کــە لە بنەڕەتدا هی خزمێکی (ڕەشــاد) دەبێ، بــەڵام ئەو ڕۆژانە کە کاریان دەبێ لەوێ بەشــەو دەمێننــەوە و بڕە پارەیەك دەدەنە خاوەنی ماڵەکە و ئەویش بەسەردان دەچێتە ماڵە باوکی ژنەکەی ئەوانیش بەم کارەی کە(قاســم و ڕەشاد و ئیسماعیل) دەیکەن نازانن، ئــەوە بێ گوایە ئەو دوو ڕۆژەی کە لەســەر ســنوور کاریان تەواو دەبێ شــەو خەریکی مــەی خواردنەوە دەبن و حەزیش ناکــەن بچنە مەیخانە و ئەو شــوێنانە، ئەوێندەریان پێ باشە و بەو مەرهەی نابێ کەسیشــیان لە ماڵ نەبێ گوایە لەبەر حورمەتــی ماڵ و منداڵی خزمەکەی(قاسم) هەندێ جار بە (هونەر و (ئاسۆ ) ڕادەسپێرێ کە نایلۆنێکی ڕەش کە گوایە پارەی تێدایە، هەر جارەی یەکێکیان بیبەنەوە دوکانی خۆیان، ئەوانیش وادەکەن تەنیا جارێك نەبێ کە نایلۆنە ڕەشەکە کە چەند کیسەیەکی بچووکی یەك کیلۆیی وەك ئــارد تێدابــووە، لە نــاو چاڵێکی دووکانەکەی (قاسم)ی دەنێن، کەواتە ئەو نایلۆنە ڕەشانە ماددەی هۆشبەر تێدابوونە و جار جــارە لە دوکانی هــەر یەکێکیان شاردراونەتەوە پاشانیش(قاسم)ی، لێیانی وەرگرتــووە و کەس نەیزانیــووە بۆ کێی بردووونە.

## بەڵگەی تازە

پارێزەرەکە کــە تاوتوێی ئەمانە دەکات تێدەگات لــە کاتی لێکۆڵینــەوەدا هەڵە ڕوویــداوە و بەردەوام دەبێ لە ســۆراغ و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان، تا بەڵگەی تازەی دەکەوێتە دەست و لەگەڵ (تەمییــز) کردنەکەی ڕەوانــەی دادگا دەکات، پاش هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە داواکردنی هەڵوەشانەوەی بڕیاری دادگا و پێشکەشکردنی بەڵگەی تازە دەردەکەوێت کە(ئاســۆ و هونەر) هیچ دەستێکیان لەو تاوانەدا نەبــووە و وەهاش کاریان پێکراوە، کە ببنە ســەرەرم و هــەر کاتێك کارەکە ئاشکرا ببێت ئەوان پێوەببن لەم سۆنگەیەوە دووبارە و سەر لەنوێ لێکۆڵینەوە دەستی پێکردەوە و (قاســم و ڕەشاد و ئیسماعیل) دەستگیرکرانەوە و دوای لێکۆڵینەوەیەکی چەنــد ڕۆژی دان بەهەمــوو تــاوان و کردەوەکانیــان دەنێــن و بــێ ئاگایی و غافڵگیریی هەر یەك لە(ئاسۆ و هونەر) یش دەردەکەوێــت و دووبارە دادگاییکردن دەستپێدەکاتەوە بۆ دادگا ڕوون دەبێتەوە کە ئەم دوانە چۆن تێوەگلێندراون وئاگاشیان لەخۆیــان نەبووە، بۆیــە دواجار دادگای بڕیاری بێتاوان بوونی هەر یەك لە(ئاسۆ و هونــەر) دەردەکات، ئەوانــی تریــش بە(١٠) ســاڵ حوکم دەدرێن، دەورووبەری کاتژمێر(١٢)ی نیــوەڕۆ بوو کە دادگا بڕیاری ئازادکردنی هەردووکیانی دا، کە بڕیارەکــەش لە دەمی دادوەر هاتە دەرەوە، (ئاسۆ) دیسان ســەری گێژی خوارد و چاوی ڕەشکەوپێشکەی کرد و تەپەی لێوە هات و بەربۆوە، کــە بەربۆوە ئامادەبووان گوتیان: دیســان لە هــۆش خۆی چوو، هەموو دایانە قاقای پێکەنین، (ئاســۆ) کاتێك بەهــۆش خۆیدا هاتــەوە ، بینی کەلەپچەی لە دەستدا نەماوە و پۆلیسشی لە دەوروبەری نییە و ئەو خەڵکەی کە لە دەوروبەریدان هەمووی پێدەکەنن.

**کاتێک (ئاسۆ)بەهۆش خۆی هاتەوە بینی ئەوجارەیان کەلەپچەی لە دەستدا نەماوە و پۆلیسیش لە دەوروبەرینە ، ئەوانەی دەورووبەریشی هەمووی پێدەکەنن**